## پێویستە هەمووان بیر لە ڕێگەچارەیەکی چارەنووسسازانە بکەینەوە:

لە ساڵانی ڕابووردوودا، لەلایەن سەدان نووسەر و ڕۆشنبیر و مامۆستا و خوێندکار و کەسانی خەمخۆر و کوردپەروەری دیکەوە، چ بە نووسین و چ بە لێدوان و چ بە چەندین شێوازی تر، لەسەر سەرهەڵدان و پەرەسەندنی دیاردەی گەندەڵی و دزی و تاڵانچێتیی سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی و بوودجەی نیشتمان و میللەت و لەمەڕ هەڕەشە و مەترسییەکانی ئیسلامیی سیاسییەوە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە و ئاڕاستەی لایەنە پێوەندیدارەکان و گەورە هێزەکان و بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی سیاسیی باشووری کوردستان کراون، بەڵام هەموویان بێ وەڵام بوون و هیچ گۆڕانکارییەکای ئەرێتی و دڵخۆشکارانە نەبینراون و ئەنجام نەدراون. وا دیارە ئەم دەسەڵاتدار و دەسەڵاتە سیاسییەی ئێمە نە چاویان هەیە تا ڕاستییەکان ببینن و نە دەمیان هەیە تا وەڵامی ڕاستییەکان بدەنەوە و نە گوییان هەیە تا ڕاستییەکان ببیستن. ئەی بەڕاست چارە چییە و چیتر بکرێت باشە!؟

- ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان خراپتر و خراپتر دەبێت.

- کێشە و کارەساتی ئێزیدییەکان و داگیرکاریی شەنگال و ناوچەکانی دیکەی ژێردەستی داعشە تێرۆریستەکان، وەکو خۆیان بە هەڵواسراوی و چارەسەنەکراوی ماونەتەوە!؟

- هەمووان بەچاوی خۆمان دەبینین کە گەنجەکانمان، (گەورەترین سەرمایەی مرۆڤیی کۆمەڵگەکەمان)، بە لێشاو نیشتمان بەجێدەهێڵن و ڕوو لە هەندەران دەکەن.

- بوودجە و داهاتوو داراییەکان، ڕوون و ئاشکرا نین و نازانرێن چیان لێ دێن و چییان بەسەر دێن، بانکەکان پارەیان تێدا نەماوە و ئاڵوگۆڕی پارە و بازرگانی وەستاوە!؟

- کێشەکانی بێکاری و کرێچێتی و کارەبا و ئاو و سووتەمەنی پاش ٢٤ ساڵ، هەر بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە!؟

- مووچە پڕاوە و نییە و فەرمانبەران و مووچەخۆران کەوتوونەتە تەنگەژەیەکی زۆر ناخۆش و کارەستباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

- ڕۆژ بە ڕۆژ مەلا و مامۆستای ئایینی و بانگخوازی ئیسلامیی سیاسیی و فەقێ و خوێندکاری ئایینی زۆرتر دەبن و بەهێزتر و دەترۆپشتووتر و باڵادەستر دەبن و بەرنامە و پلان و خواست و ئارەزوو و مەرجە دواکەوتوو و ناپەسەندەکانی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن!؟

- ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، ژێربەژێر بەردەوام کاری خۆیان دەکەن و بە زەبری پێترۆ-دۆلاری سعوودییە و قەتەر و ئێران و تورکیا و لایەنە ئیسلامییە جیهانییەکان، منداڵان و لاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن و دەیانکەن بە دۆست و لایەنگری و شوێنکەوتوو و ئەندانی خۆیان.

- گەورەهێزەکان و لایەنە کوردی و کوردستانییەکان، لەبری ئەوەی خەریکی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کردەنی و گونجاوبن، بە پێچەوەوانەوە، سەرگەرمی دژایەتی و دوژمنایەتی یەکترین و ئاگایان لە میللەت و دایرادە خراپە سەرهەڵداوەکانی ناو کۆمەڵگە نییە.

- کۆچبەران و عەرەبی هاوردە و نیشتەجێبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ بەناوی ئاوارەبوونەوە، لە باشووردا، زۆرتر و زۆرتر دەبن و بە ئارەزووی خۆیان زەوی و شوێنی نیشتەجێ بوون دەکڕن یان بەکرێی دەگرن و خۆیان بۆ هەمیشە داکوتاوتر دەکەن و پاشان بارودۆخەکە بە بەنبەست دەگات و ناردنەوەیان دەبێتە کارێکی نەکراو و ئاستەم و بەم شێوە و شێوازە،باشووری کوردستان بە میراتی بۆ ئەوان دەمێنێتەوە!؟

- به هەزاران کێشە و تەنگەژەی جۆراوجۆری نەخوازراو سەریانهەڵداوە و دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی سیاسی، خۆیانی لێ ناکەن بە خاوەن و مێش میوانیان نییە. هیچ بەرنامە و پلانێکی گونجاو کە شایانی جێبەجێ کردن و چارەسەر کردن بێت نییە و هەتا ئێستا بیریشی لێنەکراوەتەوە!؟

- دەسەڵاتداران و دەسەڵاتی سیاسیی باشوور، دەستەوسان ماونەتەوە هیچ رێگەچارەیەکیان بۆ ئەو کێشە و تەنگەژە و هەلومەرجە مەترسیدارە نەتەوەیی و نیشتمانیانە پێ نییە.

- تکایە تا بەتەواوەتی کار لە کار نەترازاوە و باشووری نیشتمانە خۆشەویستەکەمان لە دەست نەچووە، کارێك بکەین و بیر لە چەند گریمانە و پێشنیاز و رێگەچارەیەکی باشتر و گوجاوتر بکەینەوە و چارەسەرێك بۆ ئەو دیارە خراپ و بارودۆخە ئاڵۆز و بارگاوییانە بدۆزینەوە.

تکایە، با هەمووان بێ دەنگ نەبین و پێشنیاز و تێبینی و سەرنجەکانی خۆمان دەربپرین .

بەختیاری شەمەیی

04.09.2015